# ئــــــــــــــەو

(ئەو) هەمـیـشـە دەیەوێ نمایشی کـەسـێکی تر بکات، هەردەم لە هەوڵی ئەوەدایە وێنەیەکی دیکە نیشان بدات:
-وێنەیەک کە(ئەو)نییە!
-وێنەیەک کە پڕاوپڕە لە درۆ!!
ئەو لەم هەوڵە بەردەوامەیدا بەر لە هەر کەس درۆ لەگەڵ خۆی دەکات، چونکە ئەوەی نمایشی دەکـات خـۆی نیـیـە، کـەواتە ئەو لە نێـوان دووکـەسـدا، لە نێـوان دوو وێنەدا گیرۆدەیە!!..

*** دەپرسم:**

-ئەم هەوڵە بۆ؟
-ئەمە چ هەوڵێکی پڕ ئازارە مرۆڤ نەیەوێ خۆی بێ!
-دەبێ ئەو مرۆڤە چەند ماندووبێ تا کارەکتەرێکی تر، جودا لە خۆی لە نێو خۆیدا بەرجەستە دەکات!...

**پێی دەڵێم:**

-برادەر، ئەم هەوڵە بریتـیـیـە لە کـوشـتنی خـۆت، من نازانم چۆن دڵت دێ خـۆت بکوژی!؟
-برادەر، دڵنیابە دوای ئەم هەموو ماندووبوونە لە درۆیەکی زل بەولاوە هیچی ترت بۆ نامـێنێـتـەوە، چونکە تۆ خـۆتی، کـەسی یەکـەم، نا.. هەرگـیـز ناتوانی کـەسی دووەم بخولقێنی!!...

*** پێی دەڵێم:**

-هاوڕێ، چەند ماندووبووی وەلێ نەتتوانی نە قەناعەت بە من بکەیت نە بەوانی تر، تۆ هەر ئەو کەسەی، کەسی یەکەم، تۆ هەر ئەو وێنەیەی، وێنەی یەکەم، نا... هەرگیز نەتتوانی کەسی دووەم و وێنەی دووەم و حاڵەتی دووەم و... دووەم و.... دووەممان پێ نیشان دەی!... نا... نەتتوانی، بەڵام توانیت لە نێو(درۆ)دا خۆت ئازار دەی وێنەش لەگەڵ خۆتدا دووچاری ئازار بکەیت!.

*** پێم گوت:**

-چەندین ساڵە دەتەوێ پێمان بلێی من بۆ گوڵەگەنمێک لار نابمەوە، ئاخر نەتدەزانی لاربوونەوە بۆ گوڵەگەنم وەک سوژدەی زاهیدان وایە!.
- چەندین ساڵە و عەیامە دەتەوێ پێمان بلێی من هیچ ژنێک لە ژیانمدا نییە و لە باوەشی هیچ ژنێکیشدا نە گریاوم.. ئاخر بەدبەخت تۆ نازانی گریان لە باوەشی ژندا چ سەفایەکی ڕۆحی و چ پاکبوونەوەیەکی ویژدانییە!
-لەم نمایشە بێزەوەرە گەڕێ، خۆتم نیشاندە، بەسە، واز لە کوشتنی خۆت بێنە، خۆت ئازاد کەو، نەک کەرەتێک سەد کەڕەت بۆ گوڵەگەنم لاربەوە، بۆ ژن بگریی، بۆ نیشتمان بسووتێ!. دەی برادەر با کۆتایی بەم درۆ گەورەیە بێت!



ســــــالار عوسمــــان